# به سەرۆکایەتی لاریجانی له مەجلیسی رژێم
## ناکۆکیەکانی باڵەکانی رژێم پەرە دەستێنێ

سیامەند



کاتێك کە باس لە ناکۆکی نێوان باڵەکان و مۆرەکانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا دەکرا زیاتر لە سەر ناکۆکی نێوان، محافزەکار و ئیسلاح خوازان قسە دەکرا.

بەڵام ئێستا ئاڵ و گۆڕی تەواو بە سەر کێشەکان هاتوەو نەتەنیا باڵە دژ بە یەکەکانی کۆن کێشەیان هەیە، بەڵکوو لە ناو خودی باڵەکانیش دوو دەستەیی پەیدا بوەو دۆستان و هاوکاری دوێنی، ئەمڕۆ لە سەنگەری دژ بە یەك و لە هەوڵی کەم هێزکردن و بێ توانا کردنی یەکتردان.

سەرەتای ئەم وەزعە نویە لەو کاتەوە هاتە ئاراوە کە عەلی لاریجانی لە بەرپرسایەتی شورای ئەمنیەتی رژێم لاچوو ئەویش بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد دەستی لە کار کێشایەوە، ئەگەر چی ئەحمەدی نژاد و لاریجانی لە رێبەران و بەرپرسانی باڵی بە ناو محافزەکارن بەڵام لاریجانی وەك مۆرەیێکی دیاری رژێم کە خۆی بە خاوەن حەقتر لە ئەحمەدی نژاد دەزانێ لە بەرێوەبەری وەڵات و دەسەڵات و لە هەمانکاتدا خۆی بە زانا تر خاوەن تەجروبەتر لەو دەزانێ و چەندین جار رەخنەی لە شێوەی بەرێوەبردنی وەڵات لەلایەن ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی گرتوە. ئەو رەخنانەی لاریجانی لە ئەحمەدی نژاد چ ئەو کاتەی سەرۆکی شورای ئەمنیەتی رژێم بوو و چ دوای ئەوەش دەرخەری ناکۆکی قووڵ لە نێوان ئەندامانی بەرزی باڵی محافزەکارە.

لەلایێکی دیکەوە دەرنەچوونی حەدادی عادڵ بە سەرۆکایەتی مەجلیس و دۆڕاندنی لە بەرانبەر لاریجانی بەشێکە لە ململانێی شاراوە و ئاشکرای باڵی پاوانخوازی محافزەکار.

بەو پێ یە، مەجلیسی هەشتەمی رژێم ئەگەر چی زۆرینەی لە ئەندامانی محافزەکار پێك هاتوە و ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی لە محافزەکارانن. بێ گومان دەبێتە مەجلیسی رووبەروو بوونەوە و بەرنگاری کردنی ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی.

ئەوە روونە کە ناکۆکی و ململانێی لایەن و تاقمەکانی دەسەڵات لە ئێران لە پێناو خزمەت بە خەڵکی ئێران نیە، ئەو دەستە و تاقمانە تەنیا لە بیری هاتنە دی قازانجەکانیان و زیاتر وەدەست هێنانی پلەکانی دەسەڵات و بە تاڵان بردنی سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی ئێرانن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ کام لە دەستە و تاقمەکانی دەسەڵات بیرکردنەوەو هەڵوێستیان بۆ هێنانە مەیدانی هەل و مەرجێکی ئازاد و لە بار بۆ خەڵکی ئێران نیەو سیاسەت و بەرنامەیان گۆڕانی بە سەردا نایێ. تەنانەت لە مەڕ سیاسەتە دەرەکیەکان و دەست تێوەردان لە کاروباری وەڵاتانی دراوسێ هەموو بە یەك رێچکەدا دەرۆن و سەرچاوەیان یەکە کە ئەویش خامنەیی رێبەری رژێمە. لە مەڕ گەڵاڵە ناوکەییەکان و هەوڵەکانی رژێم بۆ پەرەپێدان بەو بەرنامانە کە ئاکامەکەی بۆ وەدەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمیە، باڵەکانی رژێم یەك سیاسەت و هەڵوێستیان هەیە.

کاتێك کە لاریجانی لە سەرۆکایەتی شورای ئەمنیەتی رژێم و بەرپرسایەتی ووتووێژەکان لەگەڵ وەڵاتانی ١+٥ لادرا، ئەوە بڵاوکرایەوە کە گوایا ناوبراو هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو وەڵاتانە و ئاژانسی وزەی ناوکەیی بگاتە رێکەوتن هەر لە بەر ئەوەش کەوتۆتە بەر رەخنەی ئەحمەدی نژاد و لە ئاکامدا وەلانراوە.

بەڵام لە یەکەم رۆژی وەرگرتنی بەرپرسایەتی مەجلیسی هەشتەم لاریجانی بە شێوەیێکی توند لە بەرانبەر ئاژانسی وزەی ئەتۆمیدا هەڵوێستی گرت و رایگەیاند ئەگەر ئاژانس بە سیاسەتەکانی دا نەچێتەوە، ئێران هاوکاری ئاژانس ناکات. ئەو هەڵوێستەی لاریجانی دەری خست کە باڵەکانی رژێم لە سەر پەرەپێدانی گەڵاڵە ناوکەییەکان سوورن و دەریشکەوت کە هەموویان لە سەرکوتی خەڵکی ئێران و خوێندکاران و روناکبیران و کرێکاران یەك هەڵوێست و بڕیاریان هەیە.

بێ گومان بەو وەزعەی کە ئێستا لە پێك هاتەی دەسەڵاتداری ئاخوندیدا هەیە، دەبێ لە داهاتوودا چاوەروانی شەڕی زیاتر نێوان مۆرەکانی رژێم بین، کە شەڕی ئەم جارە شەڕی هاوخەتەکان و مۆرەکانی ناو باڵەکانی رژێمە، شەڕی باڵی لاریجانی و باڵی ئەحمەدی نژاد، باڵی حەدادی عادڵ و...هتد، بێگومان شەڕی ئێستا جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ شەڕی دەسەڵات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا شاهیدی بووین.

# رۆژی جیهانیی منداڵان

هەژیر



رۆژی ١٢ی جۆزەردان لەلایەن سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە رۆژی جیهانی منداڵان ناونراوە.دیاری کردنی رۆژێك بەناوی رۆژی جیهانی منداڵان ئاور دانەوەیێکە لە منداڵانی بەش مەینەتی جهان. بەڵام هیچ کات نەتواندراوە دەردو مەینەتی منداڵان وەك پێویست چارەسەر بکرێ و بەردی بناغەی کۆمەڵگەییکی سالم کە گرێ دراوە بەپەروەردە کردنی منداڵان لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگە و خانەوادەوە دارێژرێ.

رەنج و ژیانی سەخت و دژواری منداڵانی بێ سەرپەنای وەڵاتە دیکتاتورلێ دراوەکان و هەروەها وولاتانی دیکە، لەلایەن کۆڕ کۆمەڵە مرۆڤ دۆست و خێرخوازو دەسەڵاتەکان بە هێندێك بۆنەو مەراسیم و باس لە کاری پارێزەری مافی منداڵان کۆتایی پێ دێ و ئیتر هەوڵێکی جیددی وریشەی بۆ چارەسەری وەزعی ١٠٠ ملوێن منداڵی بێ شوێن و جێگە و کرێکارو موعتاد ئاوارەو بێ دایك باب ناکەن. منداڵان دەستەچیلەی هەر گۆڕان و شەرویرسیەتیێکن کەدێتە پێش. لەوەڵاتە رۆژهەڵاتیەکان مافیان بەشێوەی سیستماتیك پێشێل دەکرێ بەتایبەت ئێران کە بە هۆی سیاسەتی دژمنکارانەی ئاخوندان سەدان کێشە رووی تێ کردوە کە منداڵان یەکەم قوربانی ئەو بارودخە نالەبارو خراپەن. ئابوری ئەو وەڵاتە کەتوتە دەست سوپای پاسداران و سەرمایەو داهاتی زۆری بە فێرۆدەچێ.

ئەهرومی کارو شوێنە گرینك و هەستیارەکان لە دەست سوپای پاسداران و ئاخوند و بێچوە ئاخوند دا پاوان کراوە و ئێستا و سبەی ئەو کۆمەڵگایە بەهەموویێك هاتە وچینەجۆراوجۆرەکانی بەتایبەت منداڵان کەتۆتە مەترسی. زۆرێك لە خانەوادەکانی ئێران بەتایبەت لە کوردستان بژێویان بەسەختی دەست دەکەوێ ولە پێناو تێر کردنی زگیان منداڵانیان دەنێرنە سەرشەقام و کاری قورس تاقەت پروکێن یان پێ دەکەن. لە نێو ئەو منداڵانەی کە دەنێردرێنە کارکردن زۆریان تووشی بەکارهێنانی مەوادی گێژەمەنی دەبن وداهاتوییکی لێڵ تر چاوەرێیان دەکات تەجاوەزی جنسیی دەکرێتە سەریان و بەجۆرهاشێوە لە بازاری کاردا بە هەرەیان لێ وەردەگرن. رووتێ کردنی بە لێشاوی منداڵان بۆ مەیدانی کار بارودخی کۆمەڵایەتی لە هەر دەمێك ئالوزتر کردوە. لە بەرنەبوونی دەسەڵاتێکی خەڵکی و مرۆڤ دۆست لە ئێران تەنانەت لاوانیش گیرۆدەی داوی تەندراوی رژیمی ئاخوندین و هەموان بە مندڵ و مێر منداڵ و گەنج وباقی چینەکانی کۆمەڵگە لە قەفەس نراوون.

بەڵام منداڵان کەلە هەموان بێ دەسەڵات ترن زیاتر کەوتوونەتە بەر نەهامەتی و لە رۆژی رەشی بێ کۆتاییدا ماونەتەوە. رێگەی هەرجورە تەشەکولێکی پارێزەری مافی منداڵ لە ئێران گیراوە و بۆ هیچ پارێزەرو رێکخراوێکی مرۆڤ دوست نیە لە نزیکەوە راپۆرت و بابەت لە سەر بارودۆخی نالە باری منالانی سەرشەقام و نان هێنی خانەوادەبەکۆمەڵەکان ئامادە بکات.

لە بەر نەبوونی رێکخراوی منداڵ پارێز و سیستەمێکی بە دەسەڵاتی پارێزگاری لە مافی منداڵان، ئێران بۆتە دۆزەخی منداڵان. داهاتوویێکی لێڵ و تەماوی چاوەرێی داهاتوی ئەو منداڵانەی سەرشەقام دەکا بە شێوەیێك کە هەر لە ئێستاوە بوونەتە هۆی دەیان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و وەك خۆرە جامیعەی گرتوتەوە.

رێکخراوەکانی پارێزەری مافی منداڵان لە سەرانسەری جیهان بەتایبەت لە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ بە دیاری کردنی رۆژێك بەناوی رۆژی جیهانی منداڵان و پێداهەڵگوتنی رێکخراوەکانی مودافیعی مافی منداڵان، کۆتایی نەهێنن بەڵکو دەبێ بە سەرنج دانیان بە ژیانی روولە مەترسیی ئەوچینە،لە هەوڵی چارەسەر کردن و باشترکردنی بارۆدوخیان دابن. فشاربخەنەسەر دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا کە مافیان دابین بکەن و یاساو رێساییێك بۆ کاریان پەسە ندبکەن کە جێگەی رەزامەندی بێت.

***

# رژێمی ئاخوندی لەریزی ئەو رژێمانەیەکە قاچاخیی مرۆڤ دەکەن

وەرگێڕ: بێهروز

حوکومەتی ئەمریکا رژێمی ئێرانی بۆساڵێکی دیکە لە لیستی ئەورژێمانە هێشتەوەکە قاچاخی مرۆڤ دەکەن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رۆژی چوارشەمە راپۆرتی ساڵەنەی خۆی لەبارەی قاچاخی مرۆڤەوەبڵاوکردەوە وبەشێکی تایبەت کرد بە کارنامەی پرشوورەیی رژێمی ئێران. لەو راپۆرتەدا هاتووە: رژێمی ئێران کانگا، ترانزیت وپێگەی کۆتایی ژنانە کە بۆ کەڵك وەرگرتنی جنسیی وکۆیلەیی قاچاخ دەکرێن. ژنانی ئێران بەومەبەستانە لە ناوخۆی ئێران قاچاخ دەکرێن هەروەها منالانیش لەئێران قاچاخ دەکرێن. لە درێژەی ئەو راپۆرتەدا هاتووە: ژنان وکچانی ئێران بۆ پاکستان، تورکیە،قەتەر و کووەیت وە ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی قاچاخ دەکرێن لەوولاتانەدەکەونە بەر تەجاوەزی جنسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەراپۆرتی خۆیدا بەڕاشکاوی دەڵێ. رژێمی ئێران لەلانی کەمی پێوانە نێونەتەوەییەکان بۆ لە ناوبردنی قاچاخی مرۆڤ پەیرەوی ناکات وهیچ هەوڵێکی لەو پەیوەنەدا نەداوە. دەست رانەگەیشتنی لێپرسراوانی حکومەتی ئەمریکا بە ئێران بۆتە هۆی ئەوەکەنەتوانن زانیاری تەواو لەبارەی قاچاخی مرۆڤ لە ووەڵاتە بەدەست بهێنن و بۆ راگرتنی ئەو دیاردە هەوڵ بدەن. راپۆرت گەلێکی جێگەی باوەر لەبەر دەستدایە کە دەری دەخات لێپرسراوانی رژێم قامچیان لە قاچاخی مرۆڤ داوە. یان زیندانیان کردوون و تەنانەت ئیعدامیش کراون . لەدرێژەی ئەو راپۆرتانەدا هاتووە : هیچ بەڵگەیەك نیە کەدەری بخات رژێمی ئێران لەماوەی ساڵی رابردووداقاچاخچیەکانی مرۆڤی سزادابێ ولێپرسینەوەی لەگەڵدا کرابێ. لەراپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەئاماژە بەوەی کە رژێمی ئێران قوربانیانی سزادابێت، نەك قاچاخچیەکان هاتووە: ڕوویی نیەکە تائێستا چەندکەس سزادراون. ئەو قوربانیانیە خارجیانەی قاچاخی مرۆڤ هیچ پشتیوانێکی یاسایی بۆیان نیە و زۆرجار دەکرێنە کۆیلە و لەگەڵ سزای توند




بەرەوڕودەبوونەوە. هیچ ڕاپۆرتێك لە بارەی پێشێلکاریەکانی رژێمی ئێران لەبەر دەستدانیە. هەواڵدەری ( ئاسۆشیدرێت پرێس) لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەوهەواڵە گوتی: رژێم گەلێك کەلەلیستی ڕەش قاچاخی مرۆڤدان لەگەڵ ئابلوقەدانی یەك لەیەنەی ئەمریکا بەرەوڕودەبن.